بەرگی دووهەم

# مەسنەوی مەولەوی

یەکێ لە هەزاران

www.ketab.ir

مولوی، جلال‌الدین محمد بن محمد، ٦٠٤ ـ ٦٧٣ ق.
ترجمه به کردی: پەناهی، عەلی، ١٣٤٦
**مەسنەوی مەولەوی**
یەک لە هەزاران
سقز: گوتار، ١٣٩٠
ISBN:978-600-5647-14-3
فهرست‌نویسی بر اساس اطلاعات فیپا
٤١٣٨٩ ک ٣٨ آ /٥٣٠٠ PIR ٨ فا ١/ ٣١
کتابخانەی ملی ایران: ٢١٧٨٤٠٢
■ حق چاپ محفوظ می‌باشد.

www.ketab.ir

www.ketab.ir

عەلی پەناهی

**مەسنەوی مەولەوی**

دیزانی بەرگ: ئازاد سورخی

چاپی یەکەم: ١٣٩٠

ئەژمار: ١٠٠٠ دانە

ناوەندی بڵاوکردنەوەی گوتار

کوردستان، سەقز، شەقامی سەلاحەددین ئەیوبی

تەلەفوون: ٠٨٧٤ _ ٣٢٢٧٠٣٠

Translator Email: ali.panahi46@gmail.com

گوتار

# پێرست

چیرۆکی شێر و نەچیران ..............................٣
رواتینی عیزرائیل لە پیاوێک و خۆ بە کۆشکی سولەیماندا کردنی پیاوەکە..............................١٠
درێژەی چیرۆکی شێر و نەچیران..............................١٢
بۆچونی ئالەباری مێش..............................٢٦
درێژەی چیرۆکی شێر و نەچیران..............................٢٧
چیرۆکی پەپو سلێمانی و حەزرەتی سولەیمان..........٣٩
چیرۆکی ئادەم (س) وا چۆن قەزا چاو و بیری دە بەستێ.....٤٣
درێژەی چیرۆکی شێر و نەچیران..............................٤٦
لێکدانەوەی "لەجیهادی بچوک گەڕانەوە بۆ جیهادی مەزن"....٥٩
هاتنی راسپاردەی رووم بۆ خزمەت حەزرەتی عومەر (ر)......٦١
وەئەستۆگرتنی گوناح لە لایەن ئادەمەوە کە ربنا ظلمنا....٧٢
لێکدانەوەی "و هو معکم اینما کنتم"..............................٧٥
درێژەی هاتنی راسپاردەی رووم بۆ خزمەت......٧٦
سەبارەت بەو مەبەستە کە "هەر کەس دەیەوێ هاونشینی خودا بێ، هاونشینیی سۆفیان دەکا"..............................٧٨
چیرۆکی تووتی و بازرگان..............................٨٠
ڕەسفی حالی پەلەقاژەی بالندانی رۆحی خواوەندی.........٨٣
درێژەی چیرۆکی تووتی و بازرگان..............................٨٥
لێکدانەوەی وتەی فەریدوددین عەتتار..............................٨٦

www.ketab.ir

ڕێزگرتنی جادوگەرەکان لە موسا (س)..................٨٨
درێژەی چیرۆکی توتی و بازرگان..................٩٢
لێکدانەوەی وتەی زانای گەورە حەکیم سەنایی............١٠٥
درێژەی چیرۆکی توتی و بازرگان..................١١٠
زیانی کەوتنە بەر کورنیشی خەڵک و لەبەر چاو بوون.....١١٤
لێکدانەوەی ماشاءالله کان..........................١١٧
چیرۆکی پیرە پیاوی چەنگژەن و حەزرەتی عومەر(ر).......١٢١
باسی ئەو حەدیسە: "بە ڕاستی کە خودا بە..."............١٢٦
چیرۆکی پرسیاری حەزرەتی ئایشێ (ر) لە حەزرەتی
موحەممەد(س)......................................١٣٣
لێکدانەوەی بەیتی حەکیم سەنایی.....................١٣٦
باسی مانای ئەم حەدیسە کە سەرمای بەهار... ..........١٣٧
درێژەی چیرۆکی پرسیاری حەزرەتی ئایشێ (ر).........١٣٩
درێژەی چیرۆکی پیرە پیاوی چەنگژەن...................١٤٠
ناڵینی کۆڵەکەی حەننانە لە دووری پێغەمبەر(س) ......١٤٥
نیشان دانی موجزەی پێغەمبەر (س)، وەقسە هاتنی وردە
بەرد لە نێو دەستی ئەبوجەهل دا.......................١٥٠
درێژەی چیرۆکی پیرە پیاوی چەنگژەن...................١٥١
لێکدانەوەی دۆعای ئەو دوو فریشتەیە وا...، ............١٥٨

www.ketab.ir

# ڕێز و سپاس

شوکر و سپاس بۆ خودای گەورە کە توانیم بەرگی دووهەمی وەرگێڕاوەی مەسنەوی مەولەوی بە کوردی ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە کەم. لەم ماوەیەدا کە بەرگی یەکەم بڵاو بۆوە و گەیشتە دەس خوێنەرانی بەڕێز، زۆر کەس بە ڕەخنە و پێشنیاری جوانی خۆیان، چ ڕاستەوخۆ و چ بە تلێفۆن و ئیمەیل، بوونە هۆی دڵگەرمی و پشتگەرمییەکی زۆر بۆ من، کە جێی ڕێز و شانازییە. هیوادارم توانیبێتم لەم بەرگی دووهەمەدا کەڵکی پێویستم لە ڕێنوێنییەکانی ئەو خۆشەویستانە وەرگرتبێ. پێویستە دیسانیش سپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە بە هەر شێوەیەک کە توانیویانە یارمەتییان داوم.

www.ketab.ir

## باسی تەوەککول و پێشنیاری ئەرکی
## هەوڵدان لە لایەن نەچیرانەوە بە شێر

دەشتێ پڕ دار و درەخت، پڕ لە نەچیر
شێرێ لێی دەژیا هەمووی کردبوو زویر[1]
هێندە ئاخر ئەو پەلاماری دەدان
یەکسەرە ژینی لەوان کردبوو بە ژان
کەوتنە ڕا و تەگبیر و جا گوتیان بە شێر
بیکە ئەرکی مە کە بتکەین دایمە تێر
جا لەمەو دوا زەحمەتی خۆتان مەدەن
تاڵ نەبێ با ژینی ئێمەش چەن بە چەن

## وەڵام دانەوەی شێر بە نەچیران و بژاردنی
## سوودەکانی هەوڵدان

پێی گوتن، زۆر باشە گەر هیچ فێڵ نەکەن
یا وەکو هەندێ ژیانم لێڵ نەکەن
زۆر بووە پشتیان لە عەرز داوم بە فێڵ
هەر وەکو مار پێوەیان داوم بە خێڵ
زۆر لەم و لەو بوون کە فێڵیان کردوە لێم
ئەوس خراپتر سەد بەوان ڕێی گرتووە لێم

---

۱. خەمگین و مات

www.ketab.ir

ما ئیتر لە کونێکەوە پیاو قەت دوو جار
نابێ، وەک فەرمووی ڕەسووڵ، تووش بێ بە مار[1]

## باشتر زانینی پشت بەستن بە خودا نەک هەوڵ و تێکۆشان لە لایەن نەچیرانەوە

گشتێ گوتیان، ئەی حەکیمی باخەبەر
گوانێ قەت ڕەت بوونەوەی چارە و قەدەر
چارەنووس ناگۆڕێ ، نابێ پێش و دوا
هەوڵ و خۆ لادان لەوە دەی سوودی کوا
ڕێی عیلاج تەنیا،بە حەق پشت بەستنە
خۆ کلاگرتن[2]، بە شەر تێکەوتنە
تێوەچوو هەر کەس لەگەڵ چارە و قەزا
بێ یەک و دوو ئالیبەت هەر خۆی بەزا
هەر دەبێ بمری لە ڕێی ئەمری حەقا
تا لە قاری دوور بی و بتبێ بەقا

## باشتر زانینی هەوڵ و تێکۆشان لە لایەن شێرەوە

پێی گوتن، خۆ گەر ئەوەککول ڕێبەرە
هەوڵیش هەر خۆ سوونەتی پێغەمبەرە

١. لا يُلدَغُ المُومِنُ مِن جُحرٍ واحِدٍ مَرَّتَين.
٢. خۆلادان

www.ketab.ir